# لەژێر تیشکی تێڕوانینی ئەزموونی شانۆیی لای ئەنتوان ئارتۆ



کۆسرەت عەبدولڕەحمان

(١)

خوێندنەوەیەکی ووردی هەندێ مەسەلەی گرنگ کەوا ئارتۆ جودا دەکاتەوە لەگەڵ هەموو ئەو تەیارو ڕەوتە شانۆییانەی دی، بۆ قسەکردن وڕاوەستانیش لەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ لەلای ئارتۆ پێویستە هەندێ چەمك بخەینە بەردەست.

لێرەدا سنوری زمان لەلای ئارتۆ یان لە شانۆی توندوتیژییدا مەسەلەیەکی باسەکەمانە، هەروەها قسەکردن لەسەر تەکنیك وجیاوازی تەکنیك لەلای ئارتۆ ودواتر لەشانۆی توندوتیژیی مەسەلەیەکی دیکەی باسەکەمانە، تەوەری سێیەم کە باس لەهۆڵی شانۆو قەدیس بوون وقەدیس نەبوون لەهۆڵ وچوونە دەرەوەی هۆڵی شانۆ، نمایش کردنی شانۆیەکانمان لەدەرەوەی هۆڵ، مەسەلەیەکیتر چی ئامانجێك لەپشتی ئەوەیە لەهۆڵی شانۆ بێینە دەرەوە، دوا تەوەر باسکردنە لەسەر مۆسیقاو گەڕان بەدوای ئامێری تازەو گەڕانەوە بۆ ئامێرە کۆنەکان لەشانۆییەکانی ئارتۆدا و شانۆی توندوتیژییدا.

(٢)

ئەگەر زمان بەتەنها بیتوانیایە لەگەیاندنی هەستی ماددی فعلی سەلماندنی بێت، ئەوە ئازارەکانی ناوەوەی ئارتۆ لەشانۆی توندوتیژیی بۆ خەڵکانی دیی پێنەگەیشتن، لەوانەیە وەك ئەم هێرش بردنە بەسەر هەستی ئەو خەڵکانەی شانۆ پاڵنەرێك بێت بۆ ئاگاداری وهۆشیارکردنەوەیان لەبێ موبالاتیاندا، هەروەها لەمیانی خنکانیاندا کە وەك ئازارو ژان وان وهەستیان پێ دەکرێت، لەوانەیە زهنی نقومبوویان بکاتەوە پاشان گیانیشیان بلەرزێ.

ئارتۆ لەمیانی هەوەسی پێشبینەکانی وای لێکرد ڕۆحە بریندارەکەی بەسەربەستیەوە ڕێگا بدات کە بگاتە ئەوەی سریالیەکان ئامانجیان بوو، ئەوەش گەڕان وپشکنینە لەبواری نووسینی سەرپێی کە ڕێگای نوێ بەرەو قوڵترین چینەکانی هزرو تاریکترین شوێن دەگرێتە بەر، لەهەمان کاتدا دەست دەگرێ بەسەر جولەی ئەم هزرە کە لە قولاییەکانی نەستەوە بۆ ڕوناکی هەستەوە هەڵدەقوڵێت ئەمەشیان پەیوەستە بە شیعرەوە.

(٣)

تەکنیك لەلای ئارتۆ چیە؟ مەسەلەکە لەوەدایە کە شانۆ بەمانای تەواوی وشەکە دەورێکی پێ ببەخشرێت، شتێکی دیاری کراوو چەسپاوی پێ دەبەخشرێت، لەشانۆییەکانی ئارتۆدا تەکنیك هەروەك سووڕانەوەی خوێن لەدەمارەکاندا یاخود پەرەسەندنی ڕووکەشی فەوزای وێنەکانی خەونە لە مێشکدا، ئەمەش بەهۆی جلەوگیری کردنی کاریگەرو بەکارخستنێکی ڕاستەقینەی بە ئاگایی بوونەوە دەبێت، شانۆ لەتوانایدا نیە ببێ بە شانۆ، واتە ناتوانێت هۆیەکانی بەوەهم کردنی ڕاستەقینە



ببێنێتە کایەوە، تەنها بەوە نەبێت توێژەرە ڕاستەقینەکانی خەون بۆ بینەر پێشکەش بکات.

ئەو ساتەی ئارەزووی لەهەڵسان بەتاوان وگەرەلاوژەی چێژراوی ودڕندەیی و خەیاڵ هەستی یۆتۆپی بە شتەکان ببەخشرێت ولەئاستی ناخیدا دەتەقنەوە کە خەیاڵ و پێشنیازەکەی نابێ بەی واتایەکیتر، پێویست بوو ئاڕتۆ چاوێك نەك بەهەموو دیاردەکانی جیهانی دەرەکی و بابەتی و وەسفیدا بخشاندبا، بەڵکو دەبوو ئاڕتۆ چاو بەجیهانی ناخیشدا بخشاندبا، واتە ڕوانین لە مرۆڤ بەشێوەیەکی میتافیزیك تەنها بەم ڕێگەیە لەشانۆکەیدا دەتوانین دەربارەی مافەکانی خەیاڵ بدوێین نە گاڵتەو گەپ ونەشیعر نە خەیاڵ مانایەکیان دەبێت لەم بارەشەوە، دەبێت نزیك بوونەوەی ئەم زمانەی شانۆ لەو پێدراوانەی کە لەتواناییاندایە هێزیان بەشێوەیەکی شاعیری بخەنە دوو توێیەوە وەکو "ئەو زمانە ڕاستەقینەیەو نەوەك تەقدیریە" بەهۆی موگناتیسیەتی دەمارەکانی هەستی مرۆڤەوەو بەکارهێنانیان، ئەوەش بەمەبەستی بەرجەستە کردنێکی واقعیانەو تێپەڕکردنی قسەکردن لە سنوورە ئاساییەکانی هونەر.

(٤)

لەشانۆی توندوتیژیدا دەبێ دەستبەرداری شانۆی هۆڵ بین لەبڕی ئەوانە تاقە شوێنێکی دیاری کراو وەردەگرین کەبێ بەربەست وبێ دیوار بێت و ببێتە شوێنی ڕووداوەکان، بەمەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەکتەرو بینەر و پێشکەش کردندا دروست دەبێت، چونکە بینەر دەکەوێتە ناوەندی ڕووداوەکان، ڕووداوەکان دەوروپشتی دەتەنن، بەمەش بینەر ئابلوقە دەدرێ ولەلایەنی ڕووداوەکانەوە ئەم ئابلوقەدانەش لەشێوە گۆڕینی هەڵوێستەوە دێتە دی، بەم جۆرە هۆڵی پێشکەش کردنی ئێستا چی دەبێت و دەچینە هەندێك

شـــوێنی عـــەمبارەو یـــان هەنـــدێك ژووری گیانـدارەوە، دەسـت بـە بنیادنانـەوە دەكـەین، بـەپێی ئـەو كـارە ئەندازییاریانـەی كـە بـەكار دەهێنـــران بـــۆ درووســـت كردنـــی هەنـــدێك كەنێسـەو هەنـدێك شـوێنی پـیرۆز.. هەنـدێك پەرستگا كە تێیدا لەناو بیناسازیەكەی ئەویش چـاومان بــە ئاســتی جــوداو بــەرزو نزمــی دەكـــەوێت، بەچـــوار دیـــوار دەوری دەگـــیرێ، بینەریش لەم شوێنەدا لەسـەر كورسـی جێگیر دادەنیشــێ وتوانـایی ئـەوەی دەبێـت بڕوانێتـە پێشـــكەش كردنـــی شـــانۆ، بزربـــوونی شـــانۆ بەمانای ئاستی ووشەكە یارمەتی ئـەوە دەدات، ڕووداوەكان هـەر چوار كونجی شانۆ بگرنـەوە، هـەروەكو چـۆن شـوێنی دیـاریكراو بـۆ ئەكتـەرو كـاری شـانۆیی تـەرخان دەكرێـت لەهـەر چـوار دەوری شـــانۆدا، دیمەنـــەكانیش لەبـــەردەم دیواری سپی كراو دەورەكان دەبینرێن.

(٥)

ئامێر وەكو بەشێك لە دیكۆر بەكار دەهێنرێت، وێرای ئەمەش پێداویستی بوون بۆ كاریگـەری كردنە سەری، ئەوەش گەڕانە بەدوای خاسیەتە دەنگیە تازەكانەوە، بەدوای لـەرەو سـەدای ئەم دەنگانـەوە كـە بەشێوەیەكی ڕەهـا نەناسـراون، ئـەو خاسـیەتانەی لـەئامێری مۆسـیقاكەدا نیـە، ئەوەش پێویست بە بەكارهێنانی ئامێری كۆن وبیركراو دەكات، یاخود داهێنانی ئامێری نوێ هـەروەها ناچـاری ئـەوەمان دەكـات لـەدەرەوەی مۆسـیقادا بـەدوای ئـامێرو كەرەسـتەی وادا بگەڕێچـین كـە پێـك هاتبێـت لـە تێكەڵیـەكی تایبەت یا تازەی كانزاكان كە لەتوانایدا بێت، بگاتـە ئاسـتێكی تـازە كـە دەنـگ وهەرایـەكی توندوتیژو كاریگەر درووست بكات.

# بەکارهێنانی شوێن لە نمایشی شانۆییدا



## بشار علیوی

تایبەتمەندیتی گوتاری نمایشی شانۆیی لە پیکهاتنی ئەو فاکتەرە بینراوانەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەك سپەیسی شوێنی نمایش لە گوتاری نمایشێکی دیکەی جیای دەکاتەوە، ئەو سپەیسەش بە پێی دەرهاوێشتەکانی دەقی نووسراو بونیادنراوە، دەرئەنجام گوتاری شانۆیی بە بوونی (سپەیس- شوێن)ێك دەگاتە شوناس و تایبەتمەندیی خۆی، کە نیگای وەرگری دەکەوێتە سەر و بەو پێیەی هەڵقوڵاوی ژیانە لەگەڵیدا یەکانگیر دەبێت.

ئیدی لەو کاتەوەی ئاشنای چەمك و چییەتی (دەرهێنەر) بووین، لێکۆڵەرانی بواری شانۆ بایەخیان بە چییەتی سپەیسی شانۆیی داوە، لەو رووەوە تەوژم و رێبازگەلیکی جیاواز هاتنە کایەوە و بانگەشەیان بۆ سەرخستنی پرۆسەی نمایشی شانۆیی دەکرد لە رێی گرنگیدان بە سپەیسی شوێنی نمایشەکە، هەندێجار بە پێی ویستەکانی نووسەر و هەندێجاریش بە تێکشکاندنی یاسا کلێشەییەکان و دەرباز بوون لێیان، لە میانی نمایشی سەر شەقامەکان و قاوەخانەو گۆڕەپانە گشتییەکان.

لێرەوە شانۆی شەقام و شانۆی قاوەخانە و چەندین جۆری دیکە هاتنە کایەوە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆ، گریکەکان یەکەم کەس بوونە لە نمایشەکانیاندا بایەخیان بە سپەیسی شوێن داوە.

رۆمانیەکانیش بە هەمان شێوە لەرێی بەکاربردنی شوینی فراون و پرکردنەوەیان بە ژمارەیەکی زۆری ئەکتەران بایەخیان بە ژینگەی شوێنی نمایش داوە، لە چەرخەکانی ناوەڕاستیشدا. نمایشەکان روویانکردە هەساری کلێساکان و زیاتریش بایەخیان بە فکری ئاینی دەدا، کەچی لە نمایشە شکسپیرییەکاندا پەنا دەبرایە بەر بارە کۆنەکان وەك سپەیسێك بۆ نمایشکردنی تێکستەکانی شکسپیر و سوود لە بیناسازیی ئەو بارانە دەبینرا کە لەگەڵ سپەیسی شوێن لە دەقەکانی شکسپیردا یەکیان دەگرتەوە.

لەگەڵ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست، سپەیسی نمایش بایەخی زیاتری پێدرا، بۆ نمونە ستانسلافسکی لە رێی بەکاربردنی سپەیسی ناوەوەی ماڵەکەی لە بەرژەوەندیی نمایشتکانی، دیوی ناوەوەی خانووەکەی کردبووە سەکۆی شانۆ، کەچی بایەخ و گرنگیی شوێن لای برێخت گەیشتە ئاستێك کە بووە فاکتەرێکی گرنگی گوتاری شانۆییە داستانییەکانی، لە نێو بونیادی نمایشەکانیدا، فرە دەلالی سرووشی سپەیسی شوێن بە سوود وەرگرتن لە فاکتەرەکانی نامۆبوون و تێکشکاندنی دۆخی خەیاڵاوی وەرگر، ئامادەگی بەرچاوی هەبوو.

لە شانۆی عیراقیشدا بە ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی (د.سەلاح قەسەب )دا گوزەر دەکەین بەو پێیەی



خوێندنەوەیـەکی جیـاوازتری
بۆ ئاراستەکانی شانۆ هێنایە
کایەوە، کە دەرئەنجام بەناوی
(شـــانۆی وێنـــە) ەوە
دەسکەوتێکی گرنگی شانۆیی
بەدەســـتهێنا، لـــە بنەڕتـــدا
تێڕوانینـەکانی پشتبەسـتون
بـە سپەیسـی شـوێن بـۆ
گەیانـدنی گوتـارە جفـرەدار و
پـڕ لـە هێمـا وێنەییـەکان،
قەسـەب تـوانی سپەیسـی
شـوێن لــە بەرژەوەنـدیی
نمایشـەکانیدا بـەکاربهێنێت و
گوتـــارێکی ئیســـتاتیکی
پێشکەش بکات بـەجۆرێك لـە
بەرژەوەندیی گوتـاری فیکری
نمایشەکەدا بێـت، ئـەویش لـە
ڕێـی هەڵوەشاندنەوەی تـەوای
بیناســـازیی شـــوێنەکەو و
ســـەرلەنوێ هێنانـــە کایـــەی
سپەیسێك کە لە بەرژەوەندیی
نمایشەکانیدا بێت بە تایبەتی
لـە کـاتی کـارکردنی لەسـەر
دەقەکانی شکسپیردا هـەر بەم
ئاراستەیەشدا هـەوڵی دیکـەی
جـدی هـەن بـۆ نمونـە لـە
مۆنۆدرامـــای (کۆتـــایی
جـەنگ)دا کـە لـە نووسـین و
دەرهێنانی هادی مەهدی بوو
، لـــە شـــاری ســـلێمانی
نمایشـکرا، دەرهێنـەر لـە
خوێندنەوەیـەکی جیـاوازدا
وەرگـــری بـــردە دەرەوەی
شانۆی عولبـە و نمایشـەکەی





بردە نێو سپەیسی رووبەرێکی چۆڵی بەردەم کۆگەیەکی میچدار و بۆ ئاراستەکردنی ئاماژە شانۆییەکانیش سودی لە بەکارهێنانی دەرگای کۆگا کە و کەرەستەی و پۆستاڵەکانی نێویدا وەردەگرت، هەروەها دەرهێنەر بۆ گەیاندنی گوتاری نمایشەکەی لەمیانەی جەستەی ئەکتەرەکەیەوە هەوڵی هێنانە گۆی ئاماژە دەلالییەکانی دەدا، بۆیە دەشێ لای خۆمان هەوڵەکانی دەرهێنەر بە هەوڵی بەرەو گۆڕان تۆماربکەین، لە هەوڵەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکیشدا لە قشلەی شاری کەرکوک کە دەرهێنەر نیهادجامی پێشکەشی کردوون، سپەیسی شوێنەکە بەتەواوی لە بەرژەوەندیی نمایشدا بووە و دەرهێنەر توانیویەتی پانتایی بیناکە بە سەرجەم پێکهاتە میعمارییەکەیەوە ملکەچی گەمەی پرۆسیسی دەرهێنان بکات، بەجۆرێك تەوزیفیکردووە کە لە دەقی نووسراوەوە نزیك بێت، لەگەڵ نمایشی (رێگەم بدە سەرکەوم) کە لە نووسین و دەرهێنانی (بەشار علیوی) هەڵوەستەیەکی تر دەکەین لێرەدا دەرهێنەر پەیژەی دەرەوە و بانیژەی بیناکەی کردبووە شوێنی نمایش ئەمە دوای ئەوەی بانیژەکەی وەك کەشتییەك بەکارهێنابوو، بەجۆرێك کە لە رێی تێکشکاندنی تەواوی بیناسازیەکەیەوە گۆڕیبویە سەر شانۆی حەلەبە (حلبە) و دەرئەنجام نمایشێکی شانۆیی (بێدەنگ) بەرهەمهات کە تەواوی پێکهاتەکانی لە گۆکردندا بوون، هەروەك بووە مایەی نوسینەوەی سپەیسێکی تەواوی شانۆیی، لە کۆتایی هەمو ئەوەی باسی لێوەکرا دەگەینە ئەوەی ئەگەر دەرهێنەر خوێندنەوەی وردی هەبێت بۆ سپەیسی شوێن، دەتوانێت نمایشی جیاواز پێشکەش بکات ئەویش پاش گۆڕینی شوێنی نمایشەکە بۆ سپەیسی شوێنێکی گریمانکراو بە شێوەیەك کە وەرگر پێی ئاشنا نەبێت و لەگەڵ دوا گوتاری نمایشەکەدا یەکانگیر بێت .

# چیرۆکی نمایشکرنی تخووبەکانی ترس



حەمەسەعید زەنگنە

پێموایە قسەیەکی ماقووڵ و حاشاهەڵنەگرە و لای گشتمان پەنی و ئاشکرایە کە بڵێین: بزاڤی شانۆی کوردی هەر لە مێژەوە لەم دەڤەری گەرمیانە، بەتایبەتی لەم شارەدا، تووشی ئەستۆنگ و گرفت و قەیرانی زۆر و هەمەجۆر هاتووە و، نەیتوانیوە پێنگاڤی مەزن و بەرەو پێشڤەچوون بەرێ و، بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی وا هاتوونەتە ڕێی زاڵبێت. بەتایبەتیش لە دووماهی دەیەی ساڵەکانی حەفتاوە دوچاری ڕاوەستان و چەقین و سڕبوونێکی ئێجگارەکی بووە... تەنانەت تاکە کارێکی هونەری و شانۆیی نەهاتوونەتە سازدان و نمایشکردن. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکاری تەکنیکی کە لێرەدا دەلیڤەی ئەوەمان نییە لێیان بدوێین و قسانیان دەسەر بکەین. بەڵام ئەوی نکۆڵی لێ ناکرێ و مایەی خۆشحاڵییە و چاوەڕوانی ئاسۆیەکی گەش و ڕووناکتری لێدەکرێت، ئەو جووڵانەوە هونەری و شانۆییانەیە کە بە درێژایی ١١ ساڵان و لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە، تا دێن گەشە دەکەن و ڕۆڵی چاتر و بەرچاوتر دەبینن، ئەمەیشە دەسۆنگەی ئەو تیپە هونەری و شانۆییانەوەیە کە بەگوڕ و تینێکی کوردانەوەو، لەسەر دەستی چەند لاوێکی خوێن گەرم و هەست بە لێپرسینەوە، هەمبەر بە گەل و نیشتمان و مێژووە و هاتوونەتە چێبوون و دامەزراندن بۆ ئەوەی شانۆی کوردیش لەم شارەدا بای باڵی خۆی بداو، تۆز و گەردی کەڵەکەوە بووی لێنیشتووی چەند ساڵەی دەخۆی بتەکێنێ و بکاری پیچەك ڕاژەو خزمەت بە خەڵکی شارەکە بکاو... دیدەیان کلڕێژ و مێشکیان بەهزر و بیرێکی شارستانی و، مۆدێرن زاخاو بداو.. زێتر ڤین و خۆشەویستی مرۆ پەرە پێ بداو... دەروازەکانی کینەو، وەزەن و چەوساندنەوە کلۆم بداو هەتوانی برین و ساڕێژی زامەکان بێت.. هەڵبەتە دەنێو ئەم تیپانەشدا (تیپی شانۆی ئاشتی) هەمیشە زیاتر ناسراوەو سەرچۆپی کێشی بزاڤەکەو پێشڕەوی کاروانەکە بووە. کە تا نووکە بە دەیەها نمایشی شانۆییان ئەنجامداوە، ئەوە جگە لەو کۆڕ و چالاکییە هونەری و ئەو دراما تەلەفزیۆنی و چیرۆکە ئێزگەییانە کە خەڵکی بەچاوی ڕێز و شکۆوە تێیان دەڕوانێ و گوێبیستیان دەبێت. دیارە داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری ئەم تیپەش دوو لاوی بەڵەد و بەئەمەکی شانۆی کوردین کە لە ڕۆژی دروست بوونی تیپەکەوە، هەرجارە و یەکێکیان بەڕێگەی دەنگدان و بەئاوایەکی دیموکراتی بەرپرسیارێتی تیپەکەیان لەگەردن گرتووە.

ئەم دوو ماندوونەناسەش هونەرمەندان (سەلاح شوانی و.. سیروان بێلانە)ن کە ئەوی من ئاگەداری بم و بیزانم، یەکەمین نمایشیان شانۆگەری "حاجی یادگار" لە نووسینی ئەیوب ئەبو زەیدە و لە دەرهێنانی سەلاح شوانی، لە ١٩٩١/١١/٢٣ لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەی موسەڵلا نمایشیان کرد، دوا بەرهەمیشیان "شانۆگەریی تخووبەکانی ترس"ە کە لە ڕۆژی

٢٠٠٢/٧/١٧ لەسەر تەختەی شانۆی "سەنتەری گەنجانی شۆڕیجە" نمایشیان کرد.. ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی کاردۆ "کاردۆ محەمەد شوانی لەدایکبووی (١٩٧٩)ی شاری کەرکووکە و جگە لەوەی وەرگێڕێکی کارامەو.. درامانووسێکی بەسەلیقەیە.. چەندەها نووسینی لە بوارەکانی "شانۆ، چیرۆك، شیعر، رەخنە و بابەتی هەمەجۆر هەن سەرباری ئەمانەش ئەکتەرێکی گورج و گۆڵە و خۆدانی ئەزموونێکی دەتوانم بڵێم شێوە ئەکادیمییە" دەرهێنانی سیروان بێلانە.

(سیروان وەسمان لەدایکبووی (١٩٧٢)ی شاری کەرکووکە و بەرپرسی یەکەمی ئێستەی تیپەکەیە و بەدەیەها شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی دەرهێناوەو وەکو ئەکتەریش چەندەها ڕۆڵی بە سەرکەوتوویی نمایش کردووە).

نواندنی: هەمان نووسەر و دەرهێنەر+بینەران، مۆسیقا: هونەرمەند حەسەن غەریب.

پێش ئەوەی بێینە ئاخاوتن دەمەڕ شانۆگەرییەکەوە حەز دەکەم قیچپێکتان بە (ڤۆلدەر)ی شانۆگەرییەکە ئاشناکەم، وەرەقەیەکی سپی (A4) نوشت کراوە.. لەسەر ڕووبەری یەکەمی وێنەی مرۆیەکی تۆقیو دەبینرێت. لە ژێرییەوە بە پیتی لاتینی نووسراوە (تخووبەکانی ترس) بەرپەڕی دووش ڕازاوەتەوە بەدێڕە شیعرێکی نالی و چوارینەیەکی (مەحوی). لاپەڕە سێ (title)ی شانۆگەرییەکەیە لە پشتەکەشی نووسراوە.

پێشکەشە بە بێ دەنگییە ئەبەدییەکەی ڕۆژبەیانی.. بەئێوە.. تخووبەکانی ترس. پێشتر لە بلاوکراوەی ژمارە (یەك)ی ئاوێزەدا بلاوکراوەتەوە. (ئاوێزە، گۆڤارێکی نووسەرانی کەرکووك بوو، دوو ژمارەی لێ دەرچووە) بەر لەوەی نمایش بکرێت بە حەوتوویەك بانگەشە و.. دەمگۆی بۆ کراوە.. ئامادەباشی و شوێن و دەمی نمایش کردنی دیاری کراوە.

بەرهەمێکی (جاد) بوو هەردوو ئەکتەر واتە (سیروان و کاردۆ) زۆر پەرۆشی ئەوە بوون کە هەرەزۆری ئەدیب و رۆشنبیران و ئەدەب دۆستان و هونەرمەندان ئامادەی نمایشەکە بن. وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ڕۆژی ١٧ی تەمووز دەمژمێر ٧ی ئێوارە تەرخان کرابوو بۆ نمایشەکە.. ئێمە کۆمەڵێك ئەدیب و نووسەر بووین، چووین و گەیشتینە وێندەر کاتژمێر ٦,٣٠بوو خەڵکێکی زۆر لەپێش دەرگەو نێو دالانەکەی کە ڕووەو هۆڵی نمایشەکە دەچوون.. ئاپورەیان بەستبوو.. هەر سێ کەس و چوار کەس کۆزیلکەیان کردبوو.. مات و بێواز و خامۆش چوو گڵی مردوویان بەڕوودا پرژابێت، سیما و ئەدگاریان نیشانەی پەژارەو سلۆکی و کەم دەسەڵاتیان تێدا بەرجەستە بوو.. کە چووینە ژوورەوە ئەز نوای هەموویان خۆم بە ڕاڕەوەکەدا کرد. سەرنجم وەکو کامێرای سینەمایی یەکە بە یەکەیان ئەنگاوت.. سیروان دیار نەبوو، لە کۆتایی ڕاڕەوەکەو پێش هۆڵەکە (کاردۆ)م بینی خەڵکانێکی زۆر ئابلۆقەیان دابوو.. قسانی لۆ دەکردن.. بێواز و بێتووك و جاڕز، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، بەڵام ورەو نەترەی بەرز.

– ها برا چۆنی "گوتم"

– یاخوا بەخێربێن گەورەتان کردین.

کردی بە پیلما و بە چرپە دوو سێ قسانی کرد..

– ئەدی سیروان..؟!

– لە گۆڕستانەکەی ئەوبەرەوەیە، مژوولی پاککردنەوەی نسێی لادیوارێکە نیازمان وایە لەوێندەر نمایشی بکەین. کاکە حەمە، ئینگۆ ئاگاتان لە ئێمە نییە ئەوە بۆ سێ ڕۆژان دەچێت وەکو لەبان سکڵ و پەڕەنگ بین، ئۆقرەمان نییە..!!

– حەق بە ئێوەیە..!! وەلێ دەسەلات چییە؟! ئێمە لەم پەیڤین و گفتوگۆیەدا بووین، ڕوانیمان سیروان خەڵکەکەی پێش خۆی داوە بە فەرموو فەرموو کردنی بە هۆڵە گەورەکەی جێگای نمایش کردن.

هۆڵێکی لاکێشەیی بزورگ و فراوان، تەختەیەکی شانۆیی تەکوز و بەدەو کورسییەکی زۆر، جێگەیەکی دڵگیر سەرو نەیەشێنم، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، خەڵکەکە دەسەر کورسییەکان ڕۆنیشتن. بێدەنگی هۆڵەکەی کۆنترۆڵ کرد. هەر یەکەو پاژە مقەوایەکیان لۆ هانین چونکی جەستەمان



شەلاڵی عارەقە بوو.!!

ئەزانی بۆ..؟!

(بۆ) هێڵێکی ڕاست چەپی بەسەردا هێنراوە.. میلی دەمژمێرەکە چووە حان ژمارە حەوتەکە.. بەر لەوەی شانۆ بکرێتەوە.. برایەك هاتە سەر تەختەی شانۆکەو بە تایتڵی شانۆگەرییەکەی ئاشنا کردین. ئێمە لەویمان دەنۆڕی و گوێ بیست و گوێ قولاخی ئەو بووین. لە دەرگەی ناوەڕاستی هۆڵەکەوە.. کە دەرگەیەکی چکۆڵە بوو. دوو مەتر لە تەختەی شانۆکەوە دوور بوو.. بە دالانێکی نیمچە درێژدا ئەتیگەیاندە هۆڵێکی چوکتر لەو هەراو هەنگامەو ژاوەژاوێك پەیدا بوو.. لە چاوتروکانێکدا سەرنجی گشت تەماشاکەرانیان دزی. بۆ درۆ بکەم ئێمە بەشەڕ تێگەیشتین تا ئازگارێك لێمان نزیك بوونەوە، ڕوانیمان هەردوو ئەکتەر، سیروان کە ڕۆڵی هەڵوەدای دەبینی و، کاردۆ کە لە نەخشی سالاردا بوو، چەند کەسانێك دەورەیان دابوو ئەمانیش یەك بە هۆڵەکە دەشیرێنن.. هاوار دەکەن.. دەشێ...ناشێ... دەشێ... ناشێ.....

– دەشێ....

– ناشێ...

لەپڕ سالار ڕووی لە بینەران کردو گوتی:

– (ئێوەی ئازیز بەشێکن لە شانۆکە، بۆیە دەبێت هاوکاری و بەشداریمان بکەن و تەنها گوێگر و تەماشاکەر نەبن) لەوەو پێش ئێمە ئەوەمان دەزانی، کە شانۆنامەکە

باسی تخووبەکانی ترس دەکا... بۆیە تەواو لەوە گەیشتین، کە ململانێیەکان دەسەر هەمان شتە.. واتە دەشێ تخووبەکانی ترس ببەزێنن..؟!

بۆ ئەمەش داوایان لە خەڵکەکە کرد، هەر کەسە و هەڵوێستی خۆی دەربڕێ و.. لایەنگیری لایەك بکات و بێ دەنگ نەبێت..!!

ئێستە وا نەزانیت، خەڵکەکە وایانکرد، بوون بەدوو بەشەوە..

نەخێر کۆمەڵێکی چکۆڵە کەوتنە دووی سالار چەند کەسێکیش بوون بە لایەنگیری هەڵوەدا. ئیدی ئاو بێنە، دەستان بشۆ. زۆربەی خەڵکەکە وەك ئەوەی دەستیان بە کلاوەکەیانەوە گرتبوو "با" نەیبا.. لە شوێنەکەی خۆیان نەبزوان.. چەندێ هاواریان لێکرا:

– برایان خوشکان بێدەنگ دامەنیشن..؟!

– کاکە تۆ.. برا تۆ.. خوشکان ئێوە؟!

نەخێر بێ سوود بوو بووین بەدوو بەشەوە هەر چەند کەسێك و، دووی یەکێ لە ئەکتەرەکان کەوتین.. خەڵکە بێ لایەنەکەش واتە ترسنۆکەکان.. بە خامۆشی سەرنجیان ئەداین.. پاش دەمەقاڵێیەکی زۆری سالار و هەڵوەدا، گوتیان فەرموون دوومان بکەون بزانن دەشێ یاخود ناشێ. ئێمە کەوتینە دوویان ئەوانیش بە هاوار کردن لە پێش ئێمەوە.. یەکێکیان لە دەرگە چکۆڵەکەوە ئەوی دییان لە دەرگە گەورەکەوە، بەدوو دالاناکەیا گوزەرمان کرد، تا گەیشتینە هۆڵێکی چکۆڵەتر.. هەموو هۆکارەکانی فێنك کردنەوە کاریان دەکرد. گشت ڕۆیشتین و دەرگەیان پێوەدا. ئێستە ڕەنگە بپرسیت ئەی کۆمەڵەکەی کە دەستیان بە کلاوەکەیانەوە گرتبوو با نەیبا. پەلە مەکە پێت ئێژم... نەختێك حەوسەڵەت بێ.. لەو کات و ساتەدا من هزرم لەوە دەکردەوە: خۆزێ ئەو کەسانەی کە بە ئاوای ئەوانن.. ئاوا لە هۆڵێکدا کۆدەکرانەوەو دەرگەیان لەسەر کلۆم ئەدراو.. گشت هۆکارەکانی برسێتی و حەوانەوەیان لێ قەدەغەدەکرا... ئێستە بزانە ئەوان هەر لە هۆڵە گەورەکەدا، حەپەسا و سەراسیمە و دۆش داماون چاوەڕوانی ئەنجام دەکەن.

کاشکێ وابا، وەلێ مەخابن هێندەی وێنەچوو وەك کێشکەی بەرباران خۆیان بە هۆڵەکەی مەدا کرد. شانۆگەرییەکە "جاد"بوو. بۆیە بێ دیکۆریش ئاسایی بوو. تەنها مێزێك و ئەسکەمیلێك، دانرابوو نمایشیان لەسەر دەکرد. ئەوەندە بەجوانی نەخشی کارەکتەرەکانیان دەبینی من بۆ خۆم لە بەرایی شانۆگەرییەکەوە لە نێوەوە ئەکولام و جۆشم دەسەند. نەك دەبەر کاریگەری ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە، دوو شانۆکار بەم کەم دەرەمەتی و هەژارییەوە، کەس زۆری لێیان نەکردووە وا بەو جۆش و خرۆشەوە خزمەت و ڕاژەی شانۆی کوردی دەکەن و، بێ ئەوەی کەسێك یاخود لایەنێك یارمەتی و کۆمەکیان پێ بکا، یاخود چاوەڕوانی ئافەرین و دەستخۆشی بن لە یەکێ.. من لەم نووسینەمدا مەبەستی تایبەتی خۆم هەیە بۆ ئاخافتن دەمەڕ دەقەکەو ڕەگەزەکانی شانۆگەرییەکە هەڵدەگرم بۆ بەشی دووەم تەنیا هێندە لۆ مێژوو دەڵێم.

لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا هێندە چەپڵەی ستایش و دەستخۆشی بۆ وان لێدرا، زۆرم شانۆگەری، لە بەغدا و شارەکانی دی دیتووە.. بڕوا ناکەم بارتەقای ئەم شانۆگەرییە چەپڵەیان بەنسیب بووبێت.

دوا ئاخاوتنی، هەڵوەدا گەورەترین ڤین و خۆشەویستی بوون بۆ شانۆی کوردی. مەگەر هەر لە بوێرێکی چون بێلانە بوەشێتەوە... ئەوان گریان... ئێمەیش گریاین.. کە هەڵۆکەشمان جێ هێڵا سیروان پەنهان بوو.. بەڵام لە بریتی ویش هەر یەکەو لە ئامادەبووان بەگەرووی پڕ هەنیسك و بەری چاوی تەڕەوە، وێڕای دەست گوشینێکی زۆر، هەر یەکەو سێ ماچیان لە سەر گۆنای کاردۆ بەجێهێشت. ٢٠٠٢/٨/٢٠

**ئەم نووسینەم کاتی خۆی نارد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری کەچی سێبەشیان لێ قۆتاندبوو، جا لەبەر ئەوەی باسی قۆناغێکی پڕ لە سەروەری تیپی شانۆی ئاشتی دەکات، بۆیە وەکو خۆی جارێکی دی بڵاوی دەکەمەوە.**

**زەنگنە**

# ئاخۆ شانۆکارانی کەرکوک کەی دێنە گۆ ؟



کاردۆ

زۆرجار شانۆکارانی کەرکوک گلەیی ئەوەم لێدەکەن گوایە تێڕوانینم بۆ بزاڤی شانۆیی لە شارەکەدا تێڕوانینێکی رەش بینانەیە، چونکە هەمیشە پێموایە لەکەرکوکدا شانۆکار نییە ، دیارە ئەو تێگەیشتنەم وەك تێگەیشتنی زۆربەی ئەو برادەرانە نییە کە دەرئەنجامی سڕ بوون و مانەوەیان لەنێو زەمەنی رابردوودا پێیانوایە ئەمڕۆیش دوێنێیە، لە راستیدا تێنەپەڕاندنی ئەو رابردووە کە بە رۆژە درەوشاوەکانی شانۆی کەرکوکی وەسفدەکەن ، گەواهی راستییەکانە و دەیسەلمێنێت کە شانۆکاران جگە لە ووتنەوەی وێردەکانی پیرۆزکردنی شانۆی سالانی رابردوو، بۆ ئەمڕۆ هیچ باس و خواسێکی دیکەیان نییە، نامەوێ بێمە سەر باسێکی مێژوویی سەبارەت بە سەرهەڵدانی بزاوتی شانۆیی لە کەرکوکدا، بەلام راستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە و پێویستە هەڵوەستەی لە سەر بکرێت ،پاش کۆتایی سالانی حەفتاکان دەتوانین بڵێین جموجۆڵی شانۆیی لەکەرکوکدا نەمابوو، تا سەرەتای سالانی نەوەدەکان چەند تیپێکی شانۆیی وەك تیپی شانۆی ئاشتی و تێکۆشان درووست بوون، دیارە کە فاکتەری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەو تیپانە پتر فاکتەری سیاسی بووە، چونکە لەو دەمەدا کەرکوك لە رووی کولتوریی و سیاسیی و تەواوی بوارەکانی ترەوە لە شارەکانی دیکەی کوردستان دابڕابوو، رژێمی بەعس لە هەوڵی لە ناوبردنی زمانی کوردیدا بوو، بۆیە شانۆ تاکە کەناڵێك بوو بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوانی شارەکە و ئاراستەکردنی گوتارێکی سیاسی نا راستەوخۆ دژ بە بەعس، هاوکات جێی ئومێد و دڵخۆشی کوردەکانی ئەو شارە بوو، جێی خۆیەتی ئەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا کاریان لە شانۆ دەکرد رۆڵیان لەو قۆناغەدا بەهەند وەربگیرێت، چونکە چەندین جار بەعس هەڕەشەی گرتن و کوشتنی لێدەکردن، بەلام ئەگەر بڵێین لەو قۆناغەدا بە ئاگاییەوە لە بواری شانۆدا کار کراوە، ئەوا پێموایە راستییەکان دەشارینەوە، دەرئەنجام خودی خۆمان فریودەدەین ، نەخێر لەو سەردەمەدا هیچ کاتێك گەر بە رێککەوتیش بوبێت شانۆکار نەیتوانیوە بە ووشیارییەکی شانۆیی تۆکمەوە مامەڵە لەگەڵ شانۆدا بکات، پرۆسەی ئازادی و کرانەوەی کەرکوك بە رووی شارەکانی دیکەی کوردستاندا

ئومێدی کرانەوەی رۆژنەیەکی هێنایە کایەوە بۆ ئەوەی لەو دەلاقەیەوە هاوشان لەگەڵ تەواوی گۆڕانەکانی دوای (بەعس) دا بزاوتی شانۆیش گۆڕانی ریشەیی بەسەردابێت ، لەو سەرو بەندەدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کەرکوک دامەزرا و چەندین تیپی دیکەی شانۆیی هاتنە کایەوە کە پێموابێت ژمارەیان تا ئەمڕۆ گەیشتووەتە زیاتر لە ١٥ تیپ کە هەندێکیان مۆڵەتی رەسمیان پێبەخشراوە و مانگانە بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە، (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) کەرکوکیش یەك لەو تیپانە بوو کە مۆڵەتی رەسمی پێبەخشرا، بەڵام بودجەی بۆ تەرخاننەکراو دەرئەنجام دوای چەندین پرۆژەی شانۆیی تیپەکە بەیاننامەی هەڵوەشانەوەی خۆی راگەیاند، نکوڵی لەوە ناکرێت تیپی ناوبراو لە چوارچێوەی کارەکانیدا چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکی رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی بزاڤی شانۆیی بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز ، قسەم لەسەر ئەوە نییە ئاخۆ تا چ رادەیەك لەو هەوڵە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەکرێ ئەوەیان بابەتێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە زۆربەی ئەو لایەنانە کە بەناو وابەستەی شانۆن لە دوور و نزیك پرسیاری ئەوەیان نەورووژاند ئاخۆ هەڵوەشاندنەوەی وەها تیپێکی ئەکتیڤ چەند زیان بە بزووتنەوەکە دەگەیەنێت؟ بۆ بەرامبەر بەو مەسەلەیە هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو؟

لەهەموی سەیرتر وێڕای بێهەڵوێستی شانۆکارانی کەرکوك بەرامبەر بەو مەسەلەیە چەند شانۆکارێکی شاری سلێمانی بەدەنگ هاتن و لە چەند شوێنێکدا پاڵپشتیان لە تیپی ئەزموونگەری کرد ، بۆ کەسێك کە بەڕاستی شانۆکار بێت ئاساییە ئەو جۆرە هەڵوێستەی هەبێت بەڵام دەبوایە پێشوەخت شانۆکارانی کەرکوك ئەو هەڵوێستەیان هەبوایە، خۆ ئەگەر ئەو تیپە لەکەرکوکدا هەر هیچی نەکردبێت، دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی بەناوی (شانۆکار)ەوە بەسە بۆ ئەو شارە کە هەر ژمارەو لەچەند دۆسیەیەکی تایبەتدا چەندین بابەتی پڕ گرنگی خستووەتە روو، لەمیژووی ئەو شارەدا قەت رووی نەداوە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە شانۆ

دەربکرێت، بە بڕوای من لەکەرکوکدا ئەگەر بزاڤێکی شانۆیی هەبێت ئەوا قەرزار باری تیپی شانۆی ئەزموونگەرییە، کە پێموایە لە ئێستادا شتێك نییە بەناوی بزاوتی شانۆییەوە چونکە جموجۆڵ دەرئەنجامی مەعریفەیە، گۆڕان و ئاراستەی نوێ بەرهەمدەهێنێت کەچی ئەوەی بەدی دەکرێت خولانەوەیە لە نێو بازنەیەکی داخراودا، بۆیە ئەوەی بەرهەمدێت ناووشیارییەکی چەند بارەیە کەوایە لە بنەڕەتدا هیچ جوڵەیەك لە ئارادانییە.

گرفتی زۆرێك لەو بەناو شانۆکارانە ئەوەیە ناتوانن دان بەراستییەکاندا بنێن و حوکمی گۆڕان بەسەر خۆیاندا بسەپێنن، کێشەی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) یش لەگەڵ ئەواندا ئەوەبوو کە بەردەوام داوای گفتوگۆکردنی دەکرد، هەمیشە دەیویست لەگەڵ شانۆکارانی شارەکەدا کەناڵێکی جدی دروستبکات بۆ قسەکردن لەسەر ئێستا و داهاتووی بزاوتی شانۆیی لە شارەکەدا، چەندین جار لە ڕێی گۆڤارەکەوە بانگهێشتی شانۆکارانی کردووە بۆ خستنە رووی راو پێشنیارەکانیان، بەڵام هەمیشە بە بێدەنگی وەڵامیانداوەتەوە و خۆیان لێدزیوەتەوە، بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، ئەگەر شانۆکار سەبارەت بە شانۆ نەیاتە گۆ ئەی سەبارەت بە چی دێتە گۆ، بەو پەڕی نیگەرانییەوە دەڵێم، بێدەنگییەکی مەترسیدار باڵی بەسەر نێوەندەکەدا کێشاوە بەجۆرێك کە دەرفەت لە بەردەم گەشەسەندنی تروسکاییەکان ناهێڵێت و بانگەشە بۆ تاریکاییەکی کوشندەدەکات.

Kardo_mm@yahoo.com

# نامەیەکی شەماڵ عومەر بۆ نیهاد جامی

برای ئازیزم هونەرمەند نیهاد جامی
دەربارەی ئەو نامە کراوەیەی کە بڕیاربوو بۆ تۆی بنێرم، مەسەلەی وروژاندنی هەندێ مەسەلەی گرنگ لەسەر گرۆتۆڤسکی تەنیا بەشێکی نامەکەیە، کە تیایدا پرینسیپە بنەڕەتیەکان ومیتۆدە نەوەستاو و ئەزموونکاریەکانی گرۆتۆڤسکیم ئاماژە پێداوە، ئەمەش هەڵبەتە لە کاری چەندەها ساڵەی تیۆری و پراکتیکی و توێژینەوەی خۆمەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکرێ ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باش بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورانەی (کە لە زۆربەی نووسینە عەرەبی و کوردیەکاندا کە بە ڕێگەیەکی ئیرتیجالی و مۆنتاجی و وەرگێڕانێکی حەرفی بەبێ تێگەیشتنێکی تەواو لە چەمك و کرۆکی ئەزموونەکان) دەرحەق بە گرۆتۆڤسکی و نەوەی نوێی شانۆ و خوێنەران دەکرێت.

من خۆم بە پسپۆری بواری گرۆتۆڤسکی نازانم، بەڵام زۆر زۆر ماندوو بووم تاوەکو لەم فینۆمە تێبگەم، ڕاستە من سوودێکی زۆر گەورەم لە گرۆتۆڤسکی بینیوە، ئێستاشی لەسەر بێت ئەو بۆ من وەك بربڕەی پشت وایە، بەڵام گرۆتۆڤسکی تەنیا ئەو ڕێگەیەی پیشانداوم کە چۆن بەرەو دەرگاکە بچم، چۆنیەتی کردنەوەی دەرگاکە و چۆنیەتی بینینی پشت دەرگاکە و چۆنیەتی خولقاندنی ژیانێکی تر و مامەڵەیەکی تر لەتەك پانتاییەکانی پشت دەرگاکە ئەوا کاری خۆمە.

دڵنیابە لەوەی ئەو پیاوە مەبەستی بووە ئەو ئەرکە ئاڵۆز و قورسە بە خۆمان بسپێرێت، پیتەر بروك لە گفتوگۆیەکی کراوەدا لەتەك هونەرمەندان و ئامادەبووانی فیستیڤاڵی ساڵی گرۆتۆڤسکی لە مانگی شەشی ٢٠٠٩ لە پۆلۆنیا، کە وەك ئاگاداریت کە ئێمەش بەشداری ئەو فیستیڤاڵە بووین، بە باوەڕێکی تەواو و بە تەوازوعێکی گەورەوە ڕوویکردە هەمووومان و ووتی: " گرۆتۆڤسکی وەکو دارەکەی "ڤوودوو" وایە کە هەمووومان بە چواردەوریا دانیشتووین و ووزەی لێ وەردەگرین، بەڵێ گرۆتۆڤسکی هێشتاوەکو سێنتراله لە شانۆی ئەمڕۆی جیهاندا". ئەو کاتەی دەمویست ئەو نامەیە بۆ تۆی ئازیز بنووسم، ئەوا هەندێ مەسەلەی تری گرنگم لەلا ووروژا سەبارەت بە هەندێ لایانی زۆر گرنگی تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە هەشتاکاندا و کارەکانی خۆم کە تاوەکو ئێستاکە بەو شێوەیە دەرکی پێنەکراوە و جگە لەمەش خوێندنەوەیەکی تایبەتی پرۆسەی مەشقی ڕۆژانەی دەنگی و جەستەیی لە تیپی شانۆی ئەزموونگەریدا کە لەلایەن نیگار حەسیبەوە بەڕێوە دەچوو کە هەرخۆشم سەرپەرشتی سەرجەمی پرۆگرامەکانم دەکرد، ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی شانۆی کوردی و تەنانەت عێراقیشدا پرۆگرامی مەشقی ئەکتەر بەو شێوە چڕ و قووڵە ببێتە پرۆگرامی سەرەکی گروپێکی شانۆیی سەربەست، تەنانەت زۆربەی ئەزموونەکان، دیدە و داڕشتنەوەکان لەو پرۆگرامە داڕێژراوەوە سەرچاوەیان گرتبوو، بیرمان نەچێت ئەو هەوڵە پەرش و بڵاوانەی کە





لەو سەردەمەدا و لە پێش ئێمەشدا لەزۆر شوێن پراکتیزە کراون تەنیا بریتین بوون لە وەزیفەیەکی ڕەسمی مامۆستایەك لە چوارچێوەی پەیمانگایەك یان ئەکادیمیەکی شانۆییدا، ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە من لە شێوەی نووسینێکدا هەندێ ڕەهەندی زۆر گرنگ و نەناسراوی ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ئاماژە بکەم. جگە لەوەش گەرەکمە ئاماژەی ئەم هەوڵە چاونەترسەی ئێوەش بکەم کە زۆر دڵخۆشی کردووین.

بۆیە وای بە پێویست دەزانم کە لەم کاتەتدا هەموو شتەکان بەسەریەکەوە نەبن و جگە لەمەش لەبەر سەرقاڵیەکی زۆرم لە ڤییەنا و خۆ ئامادەکردنمان بۆ چەند سەفەرێکی تری داهاتووی ئەمساڵمان ئەوا کاتم دەوێت و وای بەباش دەزانم ئەم مەسەلەیە بڕەك دوا بخەین. هەفتەی پێشوو پێت ڕاگەیاندم کە دەتەوێت هەندێ پرسیارم بۆ ڕەوان بکەیت، گەر بەباشی دەزانیت دەکرێ پرسیارەکان زۆرتر بکرێن و کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگی هەشتاکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی و لابۆری شانۆی لالش و دیدەی ئێمە بۆ کارەکانی خۆشتان لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك هەروەها چەند باس و خواستێکی گرنگی گرۆتۆڤسکیش لەخۆ بگرێت و ئاراستەی من و نیگاری بکەیت، ڕەنگە ببێتە پرۆژەی کتێبێك لەتەك دۆکومێنتێکی وێنەیی لەبەرچاودا ، بۆ ئەم مەسەلەیەش دەتوانین کاتێکی باشی بۆ بخوڵقێنین کە بگونجێت لەگەڵ دەرفەتی هەموو لایەکماندا. خۆشحاڵین بەدامەزراندنەوەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك و بەردەوامیتان لەگەڵ گۆڤاری شانۆکاردا. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

شەماڵ عومەر

ڤییەنا ٣-٩-٢٠٠٩

# دۆكۆمێنتێكی وێنەیی ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش له سالی گرۆتۆڤسکی دا له پۆڵۆنیا

ئا: شانۆكار

(١)

مایەی خۆشحاڵیە یەكێك لەو گروپە شانۆییە دانسقە و ئەزموونكارییانەی كەلەلایەن ئینستیتۆی گرۆتۆڤسكی پۆڵۆنیا و سەنتەری توێژینەوەی پێرفۆرمانسی بەریتانیا بۆ دوو فیستیڤاڵی جیهانی لە ساڵی گرۆتۆڤسكی دا بۆ پۆڵۆنیا میوانداری كرابوون 'لابۆری شانۆی لالش' ی هەردوو ئەزموونكاری كورد "نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر" ە كە بەناوی نەمسا و كوردستانەوە ناسێنران و بەشێوەیەكی تا بڵێ ی سەرنج ڕاكێش و سەركەوتنێكی جیهانی لەبەر چاوەوە زنجیرەیەك لە وۆرك شۆپ كە بەشداران لە وولاتانی جیهانی وەكو (پۆڵۆنیا و ڕوسیا و ئەمەریكا و بەریتانیا و یۆنان و مەكسیك و نویزلاندا و ئیسپانیا و ئێرلەندا) بەشداربوون و هەروەها پراكتیك كردنی میتۆدەكانی كاری لابۆری لالش بەبەشداری بیست ئەكتوێری نێونەتەوەیی وهەروەها نوومایشتكردنی ئەزموونی پێرفۆرمانسی "بێ سێبەر"/پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٦/٢٠٠٩ بە جێگەیاند. شایانی باسە بینەرێكی زۆری نێونەتەوەیی لە هونەرمەندان و بیركاران و ڕەخنەگران و گروپی شانۆیی و قوتابی و مامۆستایانی زۆربەی زانكۆكانی جیهان كە لەزۆربەی وولاتانی جیهانەوە ئامادەی ئەم فیستیڤاڵە ببوون، كارەكانی "لابۆری شانۆی لالش" یان بەیەكێك لە ئەزموونە گرنگەكانی ئەمڕۆی شانۆ هەڵسەنگاند. ئەنجامی ئەم سەركەوتنانەش بانگەوازكردنی لابۆری شانۆی لالشە لە ئۆكتۆبەری ئەمساڵەوە تا ساڵی داهاتوو بۆ چەندەها فیستیڤاڵی تری شانۆیی نێونەتەوەیی و زانكۆی شانۆیی لە بولغاریا و سارایێڤۆ و ئیتالیا وبەریتانیا و كەنەدا و یۆنان و پۆڵۆنیا كۆلۆمبیا و ئەرجەنتین.

(٢)

لەلایەن "ئینستیتۆی گرۆتۆڤسكی" و "مەڵبەندی یۆنسكۆ" وە ساڵی٢٠٠٩ بە بۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر شانۆی لابۆراتۆریۆم و دە ساڵ بەسەر مەرگی گرۆتۆڤسكی دا بە "ساڵی گرۆتۆڤسكی" ناسێندراوە . تاوەكو ئێستا چەندەها چالاكی نێونەتەوەیی لە چەندەها وولاتانی جیهاندا وەكو فیستیڤاڵ و كۆنفرانس وسیمینار و گفتوگۆی كراوەو وۆرك شۆپ و پێشانگای فۆتۆگراف وپیشاندانی دۆكومێنت و فلیم و چاپكردنی كتێبی تایبەتی لەسەر ئاستێكی جیهانی و فراوان بەئەنجام گەیاندراون و تا كۆتایی ئەمساڵیش چەندەها چالاكی تریش لە پرۆگرامی ساڵی گرۆتۆڤسكی دا بەئەنجام دەگەن. تێكڕای ئەمانەش بە بەشداری چەندەها زانكۆی جیهانی و سەنتەری كلتوریی و شانۆیی بەڕێوە چووە و دەچێت. سەرەڕای هەمەڕەنگی بەرنامەكان و دابەش بوونی بەسەر چەند وولاتێكی ئەوروپی و ئەمەریكی دا، ئەوا سەنتەری چالاكیەكان و بەرنامە گرنگەكان زیاتر لە پۆڵۆنیا لە شاری "ڤرۆسلاڤ" و "برژێژینكا" بەڕێوە دەچێت كە هەردوو لابۆر و سەنتەری كاركردنی گرۆتۆڤسكی جگە لە ئۆپۆلۆ لە ناوەڕاستی شەستەكانەوە لەم دوو شوێنەدا بوون.

لەساڵی١٩٦٥ گرۆتۆڤسكی "شانۆی لابۆراتۆریۆم" ی گواستەوە بۆ سەنتەری شاری "ڤرۆسلاڤ" و لە نهۆمی سێهەمی ئەپارتمانێكدا كە ٧٠ مەتری چوارگۆشەیە

گرنگترین و هەستیارترین ئەزموونی تری نوێی بە جیهانی شانۆ بەخشی. وەکو ئاشکرایە گرۆتۆڤسکی لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری ئۆپۆلۆ "شانۆی سیانزە ڕیز" کە دوایی بووە "شانۆی لابۆراتۆیۆمی سیانزە ڕیز" وەکو ئینیستیتۆیەك بۆ توێژینەوەی میتۆدی هونەری نواندن دامەزراند. ئێستا "شانۆی لابۆراتۆیۆم" ی ڤرۆسلاڤ لە ساڵی ٢٠٠٦ وە بە "ئینستیتۆی گرۆتۆڤسکی" ناسراوە و پێش ئەوەش بە "سەنتەری گرۆتۆڤسکی بۆ توێژینەوەی شانۆ و کلتور و کارەکانی گرۆتۆڤسکی" ناسراوبوو. لە ناوەڕاستی شەستەکانیش بەدواوە چەند جارێك ناوەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەم شوێنەدا چەندەها کاری نێو نەتەوەیی بەئەنجام دەگات و جگە لەمانەش بۆتە سەنتەری ئەرشیف بۆ توێژینەوەی پراکتیکی و تیۆریی کارەکانی گرۆتۆڤسکی. گرۆتۆڤسکی هەر لەسەرەتاوە دیدەیەکی ئەڵتەرناتیڤی هەبووە بۆ شانۆ و خولیای پشکنین و دۆزینەوەی پرۆسەیەکی هونەری تر بووە بۆ کاری ئەکتەر وخوڵقاندنێکی نوێ ی پەیوەندی و ئامڕازەکانی. چەقی ئەم کارەش زیاتر لەم دنیابینیەدا دەردەکەوێت: (ئەکتەر بەتەنیا وەك ئەکتەر نا. بەڵکو وەکو ئینسان) دەکرێ ئەم دێڕە وەکو شادێڕێك وەربگرین بۆ باشترین تێگەیشتن لە گرۆتۆڤسکی و خوێندنەوەیەکی قوڵی ئەزموونەکانی.



ساڵی ١٩٦٥ لە بڵاوكراوەیەكی شاری ڤرۆسلاڤ دا بۆ یەكەمین جار گرۆتۆڤسكی كۆنسێپتە خوڵقێنەرەكەی دەربارەی "شانۆی هەژار" وەكو تێكستێكی سەرنج ڕاكێش بڵاودەكاتەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ یشدا لە كتێبێكدا كە بە "شانۆی هەژار" ناسرا و ڕەخنەگرانی شانۆ ئاماژەیان بەوە داوە كە ئەم كتێبە بوو بە ئینجیلێك بۆ گروپە ئەزموونگەریەكانی شانۆ لە جیهاندا. پێشەكی ئەم كتێبە هەمان ئەو تێكستەی پیتەر بروكە كە لە ساڵی ١٩٦٦ دا لەسەر گرۆتۆڤسكی نووسیوە و تیایدا ئاماژەی ئەوە دەكات كە گرۆتۆڤسكی بیٚ هاوتایە چونكە هیچ كەسێك لە ستانیسلاڤسكیەوە نەیتوانیوە وەكو گرۆتۆڤسكی سروشتی هونەری نواندن و فینۆمەكانی و ماناكانی و كارەكتەر و جەوهەرە روحی و فیزیكیەكەی بەو شێوە بنەڕەتی و ئاڵۆزە بتوێژێتەوە، وەكو ئاشكرایە دوا كاری دەرهێنانی گرۆتۆڤسكی بریتیە لە ئەزموونی "ئەپۆكالیپس" كە لەماوەی دوو ساڵی بەردەوامی پرۆڤەدا پێگەیشتووە و لە ساڵی ١٩٦٨ وە تاوەكو سیانزە ساڵ لە وێستگە و گۆڕانی هونەریی بەردەوامدا لەتەك ئەزموونەكانی تری گرۆتۆڤسكی دا لە زۆربەی فیستیڤاڵە شانۆیی و كلتوریەكان و زانكۆكاندا بۆ بینەرێكی زۆر و فراوان لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا نوومایشت كراوە.

لەسەرەتای حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا گرۆتۆڤسكی بەئامانجی ئەزموونێكی تر و ڕێگایەكی تری توێژینەوەی پراكتیكی شانبەشانی كاری بەردەوام لە شانۆی لابۆراتۆریۆمدا لە شاری ڤرۆسلاڤ، ئەوا لەدەرەوەی ئەم شارەش سەنتەرێكی نوێی كاركردنی لە ناوچەی "بژیژینكا" دەكاتەوە كە ماوەی كاتژمێرێك لە شارەوە دووورە. سەنتەری "بژیژینكا" لەنزیك چەند گوندێكەوەیە و پێشتر ئاش بووە وتا ئێستاش شوێنەوارەكانی ماوە و چەمێكی بچكۆلە پیایدا تێدەپەڕێت كە سەرچاوەكەی لە دەریاچەیەكی تا بڵێی ئەفسووناویەوە هەڵدەقوڵێت، هەروەها تا چاوبڕدەكات دارستانێكی چڕوپڕ بەهەموو لایەكیدا بڵاوبۆتەوە. كاری گرۆتۆڤسكی لەم شوێنە ئەفسووناوییە یەدا بە "پاراتیاتەر" ناسراوە و كە لەلایەن خۆی و بیریارانی شانۆوە بەئەزموونێك لە ئەزموونەكانی "پۆست تیاتراليزم" ئاماژەی پێدەدرێت. هەروەها هەر لەم شوێنەشدا قۆناغێكی تری توێژینەوەی پراكتیكی بەجێگەیانراوە كە بە "شانۆی سەرچاوە" دەناسرێت. ئەم سەنتەرەش ئەمڕۆكە بووەتە سەنتەرێكی چالاكی نێونەتەوەیی و گرووپی شانۆیی دانسقە و ئەزموونكار كارەكانیانی تیابەجێدەگەیەنن و بووەتە شوێنی ئاڵوگۆڕی میتۆدیی و بەئەنجامگەیاندنی وۆرك شۆپ و نوومایشتی ئەزموونكاری. جێگەی ئاماژەیە هەموو ئەو گروپ و كەسانەش كەبەمەبەستی كار ڕوو دەكەنە ئەم شوێنە ئەوا هەر لەویاشدا شەو و ڕۆژیان دەبەنەسەر و لەم ساڵانەی دوایشدا بەتەواوەتی ئەم سەنتەرە بونیاتنراوەتەوە كە هەموو مەرجەكانی حەوانەوەی تیادایە.

هەڵبەتە مانەوەی گروپ و كەسەكانیش لەویادا وای كردووە كە ئاڵوگۆڕەكان لەسەر ئاستی پەیوەندی مرۆڤایەتی و هونەری گەرم و گوڕتر و قووڵتر بەڕێوەبچێت، ئەم بارودۆخەش وای كردووە كە شێوازی كاركردنیش بە شێوەیەكی چڕ و درێژخایەن بەئەنجام بگات، كە هەندێك جار لە بەیانی زووەوە تا وەكو نیوەشەو دەخایانێت. لابۆری شانۆی لالش جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دووجار لە ڤرۆسلاڤ لە شانۆی لابۆراتۆریمدا كە ئێستا بە "هۆڵی ئەپۆكالیپس" ناسراوە وەدەكەوێتە ناو ئینیستیتۆی گرۆتۆڤسكیەوە ئەزموونەكانی بەجێگەیاندووە، ئەوا ئەمساڵیش ٢٠٠٩دووجار ئەزموونەكانی لە "بژیژینكا" بەجێگەیاندووە.

(٣)

ئەزموونەكانی لابۆری شانۆی لالش لە ساڵی گرۆتۆڤسكی دا:

١. فیستیڤاڵی نێونەتوەیی بۆ دەنگ"
Giving Voice Festival



**١٦ بۆ ٢٦ ی مانگی چواری ٢٠٠٩**

بەبۆنەی ساڵی گرۆتۆڤسکی یەوە ئەمساڵ یانزەهەمین خولی ئەم فیستیڤاڵە لە شاری ڤرۆسلاڤ و بژیژینکا بەئەنجام گەیشت. ئەم فیستیڤاڵە لەبنەڕەتدا سەر بە بەریتانیایە و ساڵانە لە "وێلس" لەلایەن "سەنتەری تویژینەوەی پێرفۆرمانسی" یەوە بەڕێوە دەچێت. لەم خولەیەدا کۆمەڵێ گروپی تایبەت لە جیهاندا هەڵبژێردرابوون بۆ پیشێندانی ئەزموون و میتۆدی کارکردنیان کە زیاتر سەرقاڵی کاری ئەزموونگەری دەنگن لە پرۆژەی پێرفۆرمانسیدا، شانبەشانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵێ ۆرك شۆپ لەلایان پسپۆرانەوە هەروەها چەندەها کۆنسێرتی دانسقە و تایبەت، هەروەها پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ ئەزموونی هونەرمەندە بەشدارەکان.

شەماڵ و نیگار وەکو لابۆری شانۆی لالش بۆ ماوەی سێ ڕۆژی چر وپڕ وەرشەیەکی دەنگیان بەڕێوەبرد کە کەسانێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانیەوە بەشداریان لەم وەرشەیەدا کردبوو. شوێنی ئەم وەرشەیەش سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی بوو لە بژیژینکا. میتۆدی ئەم کارکردنەش کە تایبەتمەندێتی نیگار و شەماڵەوە بۆ کاری دەنگی و جەستەیی پێرفۆرمێر لە ژێر ناوی "بەرەو ووزەی دەنگ و ئەکسیۆنی دەنگی" بەئەنجام گەیشت. هەروەها لابۆری شانۆی لالش بەرابەری نیگار و شەماڵ و بەبەشداری هەژدە پێرفۆرمێری نێونەتەوەیی لە "شانۆی پۆلسکا" لە شاری ڤرۆسلاڤ بەئامادەبوونی پسپۆرانی دەنگ و جەستە و ڕەخنەگر و بیرکار و هونەرمەندانێکی

زۆر لە شێوەی گفتوگۆیەکی کراوەدا چەندەها کاری پراکتیکی جۆراوجۆر و ئەکسیۆنی دەنگی و جەستەیی یان نوومایشت کرد کە بریتی بوون لە میتۆدی کارکردنی لابۆری شانۆی لالش کەلەم دەساڵەی دواییدا لەلایەن نیگار و شەماڵەوە وەکو داهێنانی تایبەتی خۆیان کاریان لەسەرکردووە.

٢- فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆ:

The World as Place of Truth

١٦ بۆ ٣٠ مانگی شەشی ٢٠٠٩

ئەم فیسیتڤاڵە نێونەتەوەییەی شانۆ لە شاری ڤرۆسلاڤ و بژیژینکا لە پۆلۆنیا بەڕێوەچووکە لە مێژووی فیستیڤاڵەکانی جیهاندا زۆر تایبەتمەند ودانسقەیە، چونکە بۆ یەکەمین جارە چەند ناوێکی جیهانی و داهێنەرانی شانۆی هاوچەرخ پێکەوە کۆ بکاتەوە. لەوانەش (پیتەر بروک و ئۆیجینۆ باربا و تاداسی سوزوکی و ریچارد شێخنەر و ئەناتۆلی ڤاسیلیڤ و پینا باوش و رۆبێرتۆ پاجی و چەند ناوێکی تر) شانبەشانی ئەزموون و نوومایشتی ئەم ناوە جیهانیانە ئەوا پێنج ئەزموونی دانسقەش لە جیهانەوە هەڵبژێردرا بوون وەکو نەوەی نوێی شانۆ کە هەریەکەیان لە هەوڵی داڕشتنەوەی دونیابینی شانۆیی خۆیاندان و لە ڕەوتی ئەزموونکارانەدا کار بۆ میتۆدی خۆیان دەکەن و لە ڕێگەیەك لە ڕێگاکانەوە یان لە شوێنێك لە شوێنەکانەوە شتێك بە دونیابینی گرۆتۆڤسکی یەوە دەیانبەستێتەوە. لەوانەش لابۆری شانۆی لالشی شەماڵ و نیگارە کە تەنیا شانۆیەك بوو لە ڕۆژئاوای ئەوروپاوە بانگێشت کرابوو.

بە ئەزموونی "بێ سێبەر" شەماڵ و نیگار بەشداری ئەم فیستیڤاڵەیان کرد و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە بژیژینکا دا پێرفۆرمانسەکەیان نوومایشت کرد.

نیگار و شەماڵ دەڵێن: (تەقسی ئەم شوێنە زۆر تایبەتە، پانتایی ئەم هۆڵە زۆر دانسقەیە، هەر لەم شوێنەدا مەبەستمان بوو ئەم پێرفۆرمانسەمان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە وێستگەکانی تری پرۆژەی "بێ سێبەر" دابڕێژینەوە، بۆیە ئەزموونەکە لە دوو پانتایی جیاوازدا بەئەنجام گەیشت. ئێمە هەوڵماندا ووزەی سروشت و ووزەی پانتاییەکانیش بکەینە بەشێکی پێکهێنەری ووزەی خۆمان و ئامادەبووان).

شایانی باسە شەماڵ و نیگار بۆ شوێنی دانیشتنی بینەران هەمان ئەو مەستەبانەیان بەکارهێنا کە گرۆتۆڤسکی بۆ بینەرانی نوومایشتەکەی "ئەکرۆپۆلیس" بەکاری هێنابوو، کە تاوەکو ئەمڕۆش پارێزراون و بە " مەستەبەکانی ئەکرۆپۆلیس" ناسراوون، بە پێی ژمارەی موستەبەکانیش شەماڵ و نیگار ژمارەی هاتنە ژوورەوەی بینەرانیان دەستنیشان کردبوو.

(٤)

شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم بەشداری و ئەزموونانەی لابۆری شانۆی لالش لە فیستیڤاڵەکانی ساڵی گرۆتۆڤسکی دا جارێکی تریش دەرگایەکی گەورەی لەسەر جیهان بۆ کردونەتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاونانێکی ترە بەرەو ناوێکی جیهانی.

لەم پێکگەیشتنانەدا ئاڵوگۆڕێکی تەواوی میتۆدی لە نێوان شەماڵ و نیگار و زۆربەی ئامادەبوانی فرە کلتوری فیستیڤاڵەکە لە پسپۆران و هونەرمەندان و ڕەخنەگران و بینەران ڕوویداوە. بە تایبەتیش ئەکتەر و کارگێڕە سەرەکیەکانی هەرپێنج قۆناغە جیاوازەکانی گرۆتۆڤسکی لەسەردەمی "شانۆی لابۆراتۆریۆم " تا وەکو "هونەر وەکو ئامراز"، کە بەم بۆنەیەوە لەسەرتاپای جیهانەوە یان وەکو بەشدار یان وەکو میوان ئامادەی ئەم فیستیڤاڵە ببوون.

شایانی باسە لێرەشدا ئاماژەی ئەوە بکەین کە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی پار ٢٠٠٨ بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئینیستیتۆی گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا د. گژێگۆژ زیۆلکۆڤسکی (پرۆفیسۆری شانۆ لە زانکۆی پۆزنەن و دەرهێنەر و وەرگێڕ و نووسەری زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر گرۆتۆڤسکی) لەتەك دوو یارمەتیدەریدا بڕیارە شەماڵ و نیگار لە فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکەی بولغاریادا

سەردانێکی تایبەتی لابۆری شانۆی لالشیان کرد بۆ شاری ڤییەنا و بەتێروپڕی باسیان لە میوانداری لابۆری شانۆی لالش کرد بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی ساڵی گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا. لە مانگی سێ ی ئەمساڵیشدا بەمەبەستی پتەوکردنی ئەم ئاڵوگۆڕە ئەوا پرۆفیسۆر گـژێگۆژ و دوو یاریدەرەکەی لە پرۆگرامی ساڵانەی گفتوگۆی ئینتەرکلتوری لابۆری شانۆی لالشدا بوونە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا و سیمینارێکیان دەربارەی "ئایا شانۆ لابۆری پێویستە" بەڕێوەبرد لەگەڵ پیشاندانی چەندەها فلیمی دۆکومێنتاری لەسەر کارەکانی گرۆتۆڤسکی، جگەلەمەش بەئەنجامگەیاندنی وۆرک شۆپێکی جەستەیی کە تیایدا لە لایەن شەماڵ و نیگارەوە ١٦ هونەرمەندی نێونەتەوەیی بۆ بەشداری کردن لەم وەرشەیەدا هەڵبژێردرابوون.
وا بڕیارە ساڵی داهاتووش یەکێك لە ئەکتەرە گرنگەکانی شانۆی لابۆراتۆریۆمی گرۆتۆڤسکی "یانۆڤسکی" و هەروەها "لودڤیك فلاژێن" کە لە تەك گرۆتۆڤسکیدا شانۆی لابۆراتۆریۆمی دامەزراندووە و کاری دراماتورگی بۆ زۆربەی ئەزموونەکانی گرۆتۆڤسکی کردووە و پسپۆڕێکی تەواوی کارەکانیەتی، ببنە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا چەندەها سیمینار و وۆرك شۆپیان بۆ ئامادەبکرێت و باس لە یادەوەریەکانین و شێوەی کارکردنی ڕۆژانەی گرۆتۆڤسکی بکەن کە خۆیان نزیکترین کەس بوون لێیەوە، بەتایبەت ئەو شتانەشی کە تاوەکو ئێستا بە تەواوەتی باسیان لێوە نەکراوە.

(٥)

وێستگەی داهاتووی ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش جگە لە نەمسا و لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی شانۆ لە (سارایێڤۆ) کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدایە، ئەوا بەشداری کردنیشە لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی تردا بە بۆنەی ساڵی گرۆتۆڤسکی یەوە لە بولغاریا لە مانگی دوانزەی ئەمساڵدا، کە ئەزموونی "بێ سێبەر" لە وێستگەیەکی ئەزموونکاری تردا نوومایشت دەکەن. وا لەدوای نوومایشتی پێرفۆرمانسەکەیان گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بینەراندا دەبارەی "ئەڵتەرناتیڤ، ئەڵتەرناتیڤ بەرامبەر چی؟" بەئەنجام بگەیەنن.
جگە لەمەش شەماڵ عومەر سیمینارێکی تایبەتی لەسەر "گرۆتۆڤسکی لەدەرەوەی ڕۆژئاوا، گرۆتۆڤسکی و ڕەهەندە نادیارەکان" بەجێدەگەیەنێت کە تیایدا ئاماژە بە کاریگەری گرۆتۆڤسکی دەدات بۆ سەر بزووتنەوەی شانۆیی لە دەرەوەی ڕۆژئاوا، هەروەها ئەو ڕەهەندە سیاسیانەی کە لە پشت کاری گرۆتۆڤسکی یەوە بوون. شەماڵ لە دەرگایەکی ترەوە گرۆتۆڤسکی دەخوێنێتەوە کە "فێنۆمی گرۆتۆڤسکی بە تەنیا تەکنیکی ڕووت نیە ، ئیستاتیکیایەکی ڕووت نەبووە، بەڵکو دەکرێت کۆمەڵێ ڕەهەندی سیاسی و سۆسیۆکلتوریش وەکو مۆتیڤی ئەزموونەکانی لەبەرچاو بگیرێت".

(٦)

لێرەدا پێویستە ئاماژەی ئەوە بکەین کە هەر بە گەیشتنی شەماڵ و نیگار بۆ ئەوروپا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا خولیایەکی تایبەتیان هەبووە بۆ گەڕان بە شوێن ئەزموون و توێژینەوە و باس و خواستەکانی گرنگترین ڕێفۆرمکارانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی کە تاوەکو ئێستاش کاریگەری بەسەر شانۆی جیهانیەوە هەیە کە "جێرسی گرۆتۆڤسکی" یە. یەکەم هەنگاویشیان ناسینی یەکێك لە ئەکتەرە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی بوو لە ساڵی ١٩٩٣ کە ئەویش "سیگمۆنت مۆلیك" بوو لە سەردانێکیدا بۆ ڤییەنا و بەشداریکردن لەتەکیدا لە وۆرك شۆپێکی دەنگیدا. سیگمۆنت مۆلیك جگە لەوەی ئەکتەری بەناوبانگی گرۆتۆڤسکی بووە لە قۆناغی شانۆی لابۆراتۆریۆمدا ئەوا لە هەمان کاتدا کاری دەنگی لەلابۆرەکەی گرۆتۆڤسکی دا بەڕێوەبردووە. ئەم بەیەکگەیشتنە دەرگایەکی گەورەی لەسەر ئەم دوو هونەرمەندە کوردە کردەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکی سەردەمی شانۆی لابۆراتۆیۆمیان ناسی کە "یانۆڤسکی" دەیەو تا ئێستاش ئەم پەیوەندیە بەردەوامە و ساڵی



فراوانتر لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوو و هەروەها بەردەوامی گرۆتۆڤسکی. هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ دا لە دوای مردنی گرۆتۆڤسکی و لە بۆنەیەکی نێونەتەوەییدا لە شاری ڤییەنا بۆ یادکردنەوەی گرۆتۆڤسکی کە تیایدا گەلێ پسپۆر ئامادەی بوون، شەماڵ و نیگار بە تایبەتی میوانداری کران و ئەکسیۆنێکی دەنگیان پێشکەش کردوو و ئاماژەیان دا بە دنیابینی گرۆتۆڤسکی دا بۆسەر کارەکانیان لە کوردستان، هەر لەویاشدا جگە لە ناسینی بەڕێوەبەری ئەو کاتەی سەنتەری گرۆتۆڤسکی، ئەوا ئەکتەرێکی تری داهاتووش دەبێتە میوانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا.

شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوە دەکەن:( لە مانگی شەشی ئەمساڵدا لە شاری ڤرۆسلاڤ چەندەها ئێوارە دانیشتن و گفتۆگۆی درێژمان لەگەڵ یانۆڤسکی دا هەبووە، گەلێك باس و خواستی بەچێژی دەربارەی کارکردنی خۆی لەگەڵ گرۆتۆڤسکی بۆ گێڕاینەوە. جگە لە شێوە و تەکنیکی کارکردنی گرۆتۆڤسکی و میزاجی گرۆتۆڤسکی دەگێڕاینەوە لەسەر ئەو گێرمەوکێشانەی کە دەستەڵاتی ڕیچارد دا کاری کردووەو زۆربەی کارە تەکنیکیەکانی لابۆرەکەی پێ سپاردووە، هەرئەمەش وای کردووە کە

سیاسی ئەو سەردەمەی پۆلۆنیا لەبەردەم شانۆی لابۆراتۆیۆمدا دەیاخۆڵقاند، بەردەوامیش ئەوەی دووپات دەکردەوە بۆمان کە گرۆتۆڤسکی هەمیشە باوەڕی بە توانای گەنجان بووە و هەردەم ئاماژەی بەوەداوە کە نەوەی نوێ خاوەنی شانۆی نوێن). هەر لەم پێکگەیشتنانەشدا گەورەترین ڕەخنەگری شانۆیی و توێژکاری کارەکانی گرۆتۆڤسکییان ناسی کە پرۆفیسۆر "ئۆزێنسکی" یە، ئەم نووسەرە لە یەکێك لە توێژینەوەکانی لەسەر گرۆتۆڤسکی ئاماژەی ئەوە دەکات کە گرۆتۆڤسکی لە هاوینی ساڵی ١٩٧٠ دا لەیەکێك لەسەفەر و گەڕانەکانیدا سەردانی کوردستانی کردووە.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ دا شەماڵ و نیگار لەتەك گروپە نێو نەتەوەییەکەیاندا لەلایەن "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد" ەوە بۆ ئاڵوگۆڕی میتۆدی کارکردن هەڵبژێردران و لێرەشدا بەیەکگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ لەتەك تۆماس ڕیچارد و گروپەکەیدا ڕوویدا و ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش بووە جێگەی سەرنج و سەرسووڕمانی شەخسی تۆماس ڕیچارد و ماریۆ باجینی و کارگێڕانی ئەم سەنتەرە.

تۆماس ڕیچارد بە ڕەچەڵەك ئەفریقیە و باوك و باپیرانی لە ئەمەریکا ژیاون و لەدایکبووی ئەمەریکایە. لە ساڵی ١٩٨٥ دا پەیوەندی کردووە بەو وەرشە و سیمینارە تایبەتیەکانی گرۆتۆڤسکی لە ئەمەریکا و لە یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی دا کاری کردووە کە "کردار یان ڕووداوی فیزیکالی" یە. کاری گرۆتۆڤسکی لەسەر کردەی فیزیکالی بە هەموو شێوەیەك جیاوازە لە کارکردنەکانی ستانیسلاڤیسکی لەسەر کرداری فیزیکی. هەر کەسێکیش بیەوێت لەم جیاوازییە بنەڕەتیە تێبگات دەبێت بە تەواوەتی توێژینەوەی هەردوو چەمکی "ئۆرگانیزم" و "ئیمپولس" بکات.

پاش ئەوەی گرۆتۆڤسکی لە پۆنتەدێرای ئیتالیا دوا سەنتەری کارکردنی خۆی کردەوە ئەوا تۆماس ڕیچاردی وەك یاریدەدەری خۆی هەڵبژارد. گرۆتۆڤسکی بەردەوام لە پانزە ساڵی پێش مردنیدا بە تەنیا لەگەڵ تۆماس

گرۆتۆڤسکی چەند ساڵێك پێش مردنی ناوی سەنتەرەکەی لە "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی" یەوە بگۆڕێتە "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد".

گرۆتۆڤسکی هەرلەسەرەتاوە هەوڵی داوە ئەو ڕەسەنایەتیە ئەفریقاییە لە تۆماسدا زیندوو بکاتەوە کە ئەو تا ئەوکاتەش بەو شێوە قووڵە هیچ ئینتیمایەکی پێوە نەبووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە گرۆتۆڤسکی لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ تۆماس ڕیچاردا لەسەر تەکنیکی گۆرانی ئەفرۆکاریبی کاریکردووە، وەکو ئاشکرایە کلتوری ئەفرۆکاریبی کلتورێکی بەرەچەڵەك ئەفریقاییە و ڕەسەنایەتی مرۆڤە ئەفریقیەکانە کە لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا پەراوێزەی ئەو ناوچانە کراون.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ دا "سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد" میوانداری "شەماڵ عومەر" یان کرد لە پرۆژەیەکی نێونەتەوەییدا لە شاری نۆڤیساد لە سێربیا بۆ ئاڵوگۆڕی میتۆدی و توێژینەوە و پراکتیزەکردنی زۆربەی ڕاهێنان و مەشقە جەستەییەکانی گرۆتۆڤسکی و بینینی دوا ئەزموونەکانی ئەم سەنتەرە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ یشدا دووجار نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر میوانداری کراون لەلایەن سەنتەری گرۆتۆڤسکی یەوە بۆ شاری ڤرۆسلاڤ لە پۆلۆنیا. لە یەکەمیاندا شەماڵ و نیگار لەتەك گروپە نێونەوتەوەییەکەیاندا میتۆدی کارکردنیان پراکتیزەکردوو و لەتەك ئەمەشدا شەماڵ عومەر سیمینارێکی تایبەتی لەسەر چەمکی ڕیتواڵ و پێرفۆرمانس بەجێگەیاند. هەروەها لە دووەمیاندا بەشداریبوونیان بوو لە "چواردەهەمین خولی قوتابخانەی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی" بەرسەرپەرشتی "ئۆیجینۆ باربا" کە لێرەدا لابۆری شانۆی لالش لەبواری پیشاندانی بەشێك لە ئەزموونی "وولاتێك لە خۆڵەمێش و دوای مردنی گرۆتۆڤسکیش بەردەوام تۆماس ڕیچارد کاری لەسەر دەکات. ئەم دوا قۆناغەی کاری گرۆتۆڤسکی



گـۆرانی" و پراکتیزەکردنـی بەشـێکیش لـە میتـۆدی کـارکردنی سـەرکەوتنێکی نێونەتـەوەیی لەبەرچـاوی بەدەستهێنا. ئەمەش بەیەککەیشتنێکی پراکتیکی لابۆری شانۆی لالش بوو لەتەك ئۆیجینۆ باربا و شانۆی ئۆدین و ستاڤ قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی.

(٧)

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـین ئامـاژە بـە قۆناغـەکانی کارکردنی گرۆتۆڤسکی بدەین:

١. قۆناغی نوومایشت (شانۆی لابۆراتۆریۆم) لە ١٩٥٩ بۆ ١٩٦٩,

٢. قۆناغی پاراتیاتەر لە ١٩٦٩ بۆ ١٩٧٨,

٣. قۆناغی شانۆی سەرچاوەکان لە ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٢,

٤. قۆناغی درامای ئۆبجێکتیڤی لە ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٦.

٥. قۆناغی هونەر وەکو ئامراز لە ساڵی ١٩٨٦ وەوە کە لەلایەن پیتەر بروکەوە بە Art as vehicle نـاونراوە و بـە زمـانی ئـەڵمانیش بـە Kunst als Fahrzeug دەناسـرێت. شـەماڵ عومـەر پێشـنیاری ئـەوە دەکات کـە دەکرێـت لـە زمـانی کوردیـدا بـە "هونـەر وەکـو ئـامراز" (ئـامرازی گواسـتنەوە) ئامـاژەی پێبـدەین. بـۆ ئەمـەش ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە.

(٨)

شـەماڵ عومـەر و نیگـار حەسـیب ئـەلبومێکی وێنـەیی بەشـێکی ئەزموونـەکانیان لـە سـاڵی گرۆتۆڤسـکی دا لـە مـانگی چـوار وشەشـی ٢٠٠٩ دا پێشـکەش بـە گۆڤـاری شانۆکار دەکەن.